**گەنجان داینەمۆی گۆڕانکارییەکانن**

ســـەرەتا شوان محەممەد خۆشناو مامۆســـتا لەکۆلیژی ئاداب بەشـــی مێژوو، ئاماژە بەوە دەکات کە گەنج ئەو توێژە کارایەیە دەستنیشـــانی گەنجی و پیـــری هەر کۆمەڵگەیـــەك دەکات، گوتیشی »ئەو کۆمەڵگەیەی ڕێژەی گەنجی لەناودا زۆرە، دەچێتە خانەی پۆلێنکردنی کۆمەڵگەیەکی گەنج، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، وەکو دەگوترێت ئەگەر گەنجان ئەمڕۆ نیوەی کۆمەڵگە بن، ئەوا لە ئایندە هەمـــوو کۆمەڵگە پێکدێنن، چونکە توێژی گەنجان داینەمۆی گۆڕانکاریەکانن لە هەموو ولاتێکدا، ئاییندە بۆ گەنجانە، بەڵام ڕۆڵی ئەزموونیش دەبێ لە بەرچاو بگیرێ، لە سیستمی وڵاتە پێشـــکەوتووەکانیش ئەزموونی بەساڵاچووان بەهەنـــد وەرگیراوە، ئەنجومەنێکی راوێـــژکاری هەیە بۆ ئەوان (ئەنجومەنی پیران)، رۆڵی گەورەشیان گێڕاوە».

شـــوان محەممەد لە درێژەی قســـەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە کوردســـتان یەکێکە لەو هەرێمانەی توانا و وزەیەکی زۆری تێدایە، واتـــە کۆمەڵگەی کـــوردی کۆمەڵگەیەکی گەنجە و مافـــی گەنجانە بەشـــداری کارایان هەبێت لـــە بەڕێوەبردنی دەســـەڵاتداریێتی و جومگە و کۆڵەگەکانی دەســـەڵاتیان لەسەر بونیات بنرێ، گوتیشی «گەنجان رەگەزێکی بنەڕەتی بونیادی بووژانەوەی ئابووری و گۆڕانکارییە دیموکراســـییەکانن، بۆیە پێموایـــە دەبێت داخوازییەکانیان بە دیقەتـــەوە تاوتوێ بکرێت و لەبەرچاوبگیرێت».

## گەنجان داوای بەشداری کارا لەکابینەی داهاتوودا دەکەن

لەکاتێکدا گەنجان شـــەڕی بڕوانامـــە و کارامەیـــی و لێهاتوویی و مەعریفە دەکەن، کەچی لەئێســـتادا بەهۆی کۆمەڵـــێ فاکتـــەری جۆراوجۆر گەنـــج لەپەراوێزی پڕۆســـەی سیاســـیدایە، هاوکات گەنجـــان و لاوانیش لەبەرامبـــەردا بێدەنـــگ و دەستەوەســـتان نین و لەســـەر داواکارییەکانیان سوورن و خوازیارن رێژەی بەشداری کردنیان لەجومگەکانی دەسەڵات زیاتر بێت.





## سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا هاوتەمەنی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی كوردستانە

ئیبراهیم رەمەزان خۆشناو مامۆستای زانكۆ، بەشداری ریژەی گەنج لەهەڵبژاردنی ئەم دواییەی پەرلەمانی كوردستان بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت «ئەگەر سەیری بەشداری ریژەی گەنج بكەین لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی كوردستان، ئەوا دەبینین زیاتر لە ٧٠٪ی بەشداربووانی پرۆسەی دەنگدان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان گەنج بوون كە تەمەنیان لە نێوان (١٨ - ٤٥) ساڵیە، بۆیە پێویستە زۆرترین رێژە كابینەی داهاتوو دیاری بكرێت بۆ گەنج كە زیاتر بێت، واتە زیاتر لە نیوەی وەزیرانی داهاتوو گەنج بن»، گوتیشی «من گەشبینم بە كابینەی داهاتوو، بە چالاك و كارایشی دەبینم، چونكە تاوەكو ئێستا نێچیرڤان بارزانی تاكە كاندیدە بۆ سەرۆكی حكومەت كە گەنجێكی بە ئەزموون و كارامەیە».


ئیبراهیم رەمەزان بەپێویستی دەزانێت گەنج رۆڵی زیاتریان پێ بدرێت لە بەڕێوەبردنی حكومەت، پێشیوایە گەنج توانای زیاتری بیركردنەوەی نوێی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕایوایە جگە لە بایەخدان بە كارامەیی گەنجان، شارەزایی و ئەزموونی بەتەمەنەكانیش دەبێت بە هەند وەربگیرێ. نموونەش بەوە دەهێنێتەوە كە «لە وڵاتێكی پێشكەوتووی وەكو بەریتانیا زۆرترین رێژەی گەنج لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بەشدارن، سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دافید كامیرۆن (David Cameron) هاوتەمەنی كاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی كوردستانە و وەزیریان هەیە تەمەنی ٣٥ ساڵ بووە لە كاتی پێكهێنانی كابینەكەیان، كە ناوی دانی ئەلیكساندەر (Danny Alexander)ە كە یەكێك بووە لە وەزیرە سەركەوتووەكانی ئەو وڵاتە، بۆیە پێویستە گەنج بەشداری كارای پێ بكرێت بۆ ئەوەی دادپەروەری كۆمەڵایەتی دەستەبەر بكرێت، كە كوردستان بۆ ئەمڕۆ لە هەموو كاتێك زیاتر پێویستی بە دادپەروەری كۆمەڵایەتییە. گوتیشی «گەنج دەتوانێت بیر لەوە بكاتەوە كە كۆمەڵگە پێویستی بە چییە و دەتوانێت بەجددی كاری مەیدانی بۆ بكات، چونكە وزە و توانای گەنج بەراورد ناكرێت لەگەڵ كەسێكی بەتەمەن، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی كارامەیی زیاتری حكومەت».

ئیبراهیم رەمەزان لە درێژەی قسەكانیدا جەخت لەوە دەكاتەوە كە ٨٠٪ی ئەو دەنگانەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان بەدەست هاتوون، بۆ گەنج بووە، گوتیشی «بە پێویستی دەزانم زیاتر لە نیوەی كابینەكەی داهاتووی حكومەتی كوردستان گەنج بن، چونكە لە توێژینەوەی زانستی دەركەوتووە كە گەنج زیاتر توانای رازیكردنی بەرامبەری هەیە و لە گفتوگۆ سەركەوتووترە لە كەسێكی بەتەمەن، بۆیە پێویستە حكومەت و پەرلەمانی داهاتوو پلانیان هەبێت بۆ كاركردن بۆ گەنجان و لاوانی كوردستانی خۆشەویست لە هەموو ڕوویەكەوە بەشدار بكەن». ئەوەشی خستەڕوو كە «لە وڵاتی بەریتانیا هەموو رۆژانی سێ شەممەیەك سەرۆك وەزیرانی وڵات بانگهێشتی پەرلەمان دەكرێت بۆ گفتوگۆكردن لەسەر گەرمترین پرس لە وڵات كە بە شێوەیەكی راستەوخۆ هاووڵاتی بینەری گفتوگۆكە دەبێت، ئەمەش وادەكات وڵات زیاتر پێش بكەوێت و بڕیاری باشتر لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان دەربچێت».

## لەهیچ دەستوورێكی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جگە لە هەرێمی كوردستان بایەخ بە پرسی گەنج نەدراوە


لەلای خۆیەوە ئومێد خۆشناو سكرتێری یەكێتیی لاوانی دیموكراتی كوردستان، سەبارەت بە پرسی راپۆرتەكە سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەكات كە گەنج و لاو مافی خۆیانە داوای زیادكردنی رێژەی بەشداریكردنیان لە پۆستی حكوومی و سیادیدا بكەن و لەكایەكانی حكومەت بەشداربن، لەبەرئەوەی كۆمەڵگەی كوردستانی بە كۆمەڵگەیەكی گەنج دێتە هەژماركردن و نزیكەی ٦٠٪ ی هاوڵاتیانی كوردستان گەنجن، گوتیشی «هەمیشە گوتوومانە گەنج توانا و هێزە و دەتوانێت بە بیری نوێخوازانەی خۆی ڕۆڵی لە كابینەی نوێدا هەبێت، بەڵام پێویستە ئەو بەشداریكردنە بەپێی مەرج و پێوەرەكان بێت، واتا بەپێی تایبەتمەندی و شارەزایی گەنج دەستنیشان بكرێت، بۆ ئەوەی لەپۆستەكەیاندا بتوانن خزمەت بە توێژەكەی خۆیان و هەموو كۆمەڵگەش بكەن».

ئومێد خۆشناو ڕایوایە گەنج لە رابردوودا پەراوێز نەخراوە و خودی گەنجیش كەمتەرخەم نەبووە و هەوڵی زۆری داوە، بەڵام «واقیعەكە وای خواستووە، تەنانەت لەدوای راپەڕینەوە قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانكاری لە ژیان و گوزەرانی گەنج كراوە، لەكابینەی پێنجەمی حكومەتدا بیر لەوە كرایەوە وەزارەتێكی تایبەت بە توێژی گەنجان و لاوان هەبێت، مەرج نییە گەنج تەنیا لەپۆستی وەزیریدا دەتوانێ خزمەت بكات، بەڵكو دەیان لاومان هەیە بەڕێوەبەری گشتین، قایمقامن و پۆستی دیكەی جۆراوجۆریان پێدراوە». گوتیشی



**هەر دەسەڵاتێك و حزبێكی سیاسی ئاسانكاری بۆ گەنج نەكات و بواری بەشداریكردنی بۆ نەڕەخسێنێت، بەرەو نەمان دەچێت**

ئومێد خۆشناو



**مافی گەنجان ئەوكات دەكەوێتە بەرباس كە نوێنەرمان لە پەرلەمان و حكومەت و ناوەندەكانی بڕیاردان‌دا هەبێت**

لانە ئامانج



## مافی گەنجانە بەشداری کارایان هەبێت لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتداریێتی و جومگە و کۆڵەگەکانی دەسەڵاتیان لەسەر بونیات بنرێ

شوان محەممەد



## زیاتر لە ٧٠٪ی بەشداربووانی پرۆسەی دەنگدان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان گەنج بوون

ئیبراهیم ڕەمەزان

«هەر دەســـەڵاتێك و حزبێکی سیاسی ئاسانکاری بۆ گەنج نەکات و بواری بەشداریکردنی بۆ نەڕەخسێنێت، بەرەو نەمان دەچێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو بوارە بۆ گەنج نەڕەخســێنرا، ئەوا لاوان جێگە بەو دەســـەڵاتە لەق دەکەن، خۆشـــبەختانە ئەگەر تەماشای ڕەشنووسی هەرێمی کوردســـتان بکەین، دەبینین ماددەیەکی تایبەت بە توێژی لاوان هەیـــە، لەکاتێکدا لەهەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا و لەهیچ دەستوورێکدا ئەو بایەخە بە پرسی گەنج نەدراوە».

### پەرلەمانی گەنجان پشتیوانی نێودەوڵەتی وەرگرت

ئەگەرچی لە ڕابـــردوودا لەلایەن زۆرێك لە ڕێکخراوەکانی گەنجان و لاوان و ئافرەتـــان و ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی باس لە دروســـتکردنی پەرلەمانی گەنجان لەهەرێمی کوردســـتاندا کرا، کە لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتـــی وەك نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی UNDP پشـــتگیری لێکرا، هەروەها ناوەندی ئایندە بۆ پرســـەکانی گەنج، کە ڕێکخراوێکی ناحکوومـــی و تایبەتە بە پرسەکانی گەنج لەهەرێمی کوردستان، لە بوارەدا چالاکیی بەرچاوی هەبوو، بەڵام ئەو پەرلەمانە لە ســـەرەتاوە تووشـــی لێکترازان هات، تەنانـــەت تێبینی ئەوە کرا، ئەو پەرلەمانـــەی گەنجانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری و ڕەوتی سیاســـی و کۆمەڵایەتیی نێوخۆ و ناتوانێت پەرلەمانێکـــی ســـەربەخۆی گەنجان بێت، بەتایبەتـــی کە دواجار لەسەرووی ئەوانەوە دامەزراوەی یاسایی و حکوومی دیکە هەیە».

### گەنج پڕ هیواتر وێنای دەوڵەت و دەسەڵات دەکات

نووســـەر و ڕۆژنامەوان شـــوان محەممەد، ســـەرەتا ڕۆڵی گەنج لەبەشـــداری سیاســـیدا بەرز دەنرخێنێت و دواتـــر دەڵێت «گەنج کاراترین توێژی کومەڵایەتییە و بەشداریکردنی واتە ئەکتیڤکردنی بواری سیاسەت لەکۆمەڵگەدا»، گوتیشی «بەشداریکردنی گەنج بەتەنها خێراکردنی کەرتی پیشەســـازی و بێدەنگکردنی کۆمەڵگە نییە، بەڵکو جۆرێك لە ســـتاتیکی سیاســـی و وێناکردنی جۆری دەســـەڵاتە لەناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا»، جەختی لەوەش کردەوە کە «گەنـــج پڕ هیواتر وێنای دەوڵەت و دەســـەڵات دەکات و وێنای بەختـــەوەری بەژیان دەدات، پاشـــان بـــەرەی پراکتیکی کەمپی سیاســـی وەك بوارە فیکریەکەی چالاکە . هێندە توانای هزری و بیرکردنەوەی قوڵ و ئەزموونی ڕابردووی ناوێت، سیاسەت بۆخۆی کەمپێکی هێندە ئەکتیڤە. بەردەوام وەك گەنجێك لەکایەکانی ژیان ڕەفتار دەکات».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشـــدا کە ئایا بەشـــداری سیاسیی گەنج لە هەرێمی کوردســـتاندا چ هیوایەك بە گەنجان دەبەخشـــێ؟ گوتی «زۆر ڕاشـــکاوانە مـــن بە زۆر شـــتی ئەم وڵاتـــە ناڕازیم، ئەم ناڕازیبوونەش وای لێکردم دەســـتبەرداری بەشێکی زۆری تەنانەت ژیانی شەخسی خۆم بم».

شـــوان محەممەد واهەست دەکات «لەسیاســـەتدا بردنەوەو دۆڕان بوونی نییە، بەڵکو مامەڵەو بەشـــداری جێگەی پرسیارە، هونەری کاریگەری گۆڕانکاری و زۆربەی کارەکتەرە سیاسییەکانی تریش هەر ئەمەیە، یاخود هەر بەشداری کارای گەنجە لە جومگەکانیدا» گوتیشـــی «بەداخەوە هەندێ حزب بەردەوام بانگەشەی بەشداری گەنج دەکەن بۆ کایەی سیاســـی، کەچی پیرترین کادیری حزبیان بردە پەرلەمان، هەمووشمان دڵنیاین ئەگەر فێڵی ڕێکخستن نەبێت، موســـتەحیلە دەنگی گەنج بهێنـــن، ئەمەش غەدرە لەخودی حزب پێش خەڵك ولایەنگرانی، سەرخســـتنی هەر گەنجێك بۆ پۆســـتی سیادی و پەرلەمان و جومگەکانی دەسەڵات. دڵسوزی و بەتەنگەوە هاتنی ئەو نەوەیەی ئێســـتاو زیاتر زەمانکردنی نەوەیەکی دواترە، چونکە شـــتەکانی نەوەیەك بۆ نەوەکانی تـــر نابێت، ئەگەر قەرارە ئەم دەســـەڵاتە هی ئێستا بێت، دەبێت گەنج بەڕێوەی ببات، لێرەوە بەهەموو پارتەکان دەڵێم ئەوکاتەی پیرێك کورسییەکی خوێندن، یان کورســـییەکی پەرلەمان داگیر دەکات، دڵنیابن کۆمەڵێك گەنجی زۆر و نوێنەری نەوەیەك لەخۆیان دەڕەنجێنن».

### گەنج لەناوەندەکانی بڕیاری سیاسی پەراوێز خراوە

لانە ئامانج قوتابی قۆناغی چوارە لەزانکۆی جیهان، ئەو سەبارەت بـــە هەمان پرس دەڵێت «لەکوردســـتانێکی پڕ خێر و بێر، گەنج و لاوی کـــورد بە هەردوو ڕەگەزیەوە لەتـــەواوی ماف و ئیمتیازاتی خۆیان بێبەشن، لەســـەرووی هەموویانەوە لەناوەندەکانی بڕیاردان و بەشداری سیاسیدا پەراوێز خراون، لانە ڕایوایە «ئەو پەراوێزخستنە وێڕای ئەوەی قەیرانێکی گەورەی دروســـتکردووە، بۆتە هۆکاری نائومێدبوونی گەنج بەداهاتوو و ئاییندەی خۆی»، گوتیشی «من زێدەڕۆیی ناکەم، ئەگەر بڵێم گەنجانی ئێمە لە قەیرانێکی دەروونی دژواردان، وەك گەنجێکی ئەم وڵاتە بەمافی خۆمی دەزانم لەسەر خاك و وڵاتەکەم بە ئاســـوودەیی بژیم و مافەکانم دەستەبەر بکرێت، دیـــارە مافی گەنجیش ئەوکات دەکەوێتە بەرباس کە نوێنەرمان لە پەرلەمان و حکومەت و ناوەندەکانی بڕیاردانda هەبێت».



گوڵان: کۆمەڵایەتی

# خۆشەویستیی نێوان هاوسەران شیرازەی خێزانی دەپارێزێ

پێکهێنانی خێزان لەسەر بنەمای هەردوو گرێبەستی یاسایی و شەرعی بەتەنها و بەبێ خۆشەویستی و گرێبەستی ڕۆحی، واتایەک بۆ پێکەوەژیانی هاوسەران ناهێڵێتەوە، بەڵکو لەو حاڵەتانەدا هاوسەران دووچاری دووفاقییەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبن، بەجۆرێک لەودیو دیواری ماڵەکانیانەوە واخۆیان دەردەخەن کە ئەوان لەژێر ئەو ساباتەی ناوی خێزانە کۆک و تەبا و بەختەوەرن، لەمدیوی دیواری ماڵەکانیشیانەوە وەک دوو بوونەوەری نامۆ بەیەک و خولقێنەری ژانکۆی دەروونی بۆیەکتر مامەڵە دەکەن، هەر ئەمەش وادەکات کەخێزانەکان ڕووبەڕووی هەڵوەشاندنەوە و لێکترازان ببن. بەشدار بووانی ئەم ڕاپۆرتە هۆکارەکان و چارەسەری کێشەکە بۆ خوێنەرانی گوڵان دەخەنەڕوو.



بەپێی دوائامـاری ئەنجومەنی بـاڵای دادوەری لە هەرێمی کوردسـتان ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە کوردسـتان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەزیادبوونە. بەپێی ئەو ئامـارەی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێریش سـاڵی ڕابـردوو (٢٠١٢) لـە هەولێر (٢٠٢٧٥) پرۆسـەی هاوسـەرگیری هەبووە، لەبەرامبەردا (٢٨١٠) حاڵەتی جیابوونەوە تۆمار کراوە.

**ساڵی (٢٠١٢) لە هەولێر (٢٠٢٧٥) پرۆسەی هاوسەرگیری و (٢٨١٠) حاڵەتی جیابوونەوە تۆمار کراوە**

بەشـێك لەهاوسـەران باس لەوەدەکەن کە سیسـتەمی بەجیهانیبوون کاریگەری لەسـەر ژیانی خیزان کردووە. ئارام کەریم فەرمانبەرە و وەك خۆی باسـیکرد ماوەی دووسـاڵە ژیانی هاوسـەری پێکهێناوە. ئـەو ڕایوایە «تەنیا شـتێك کە شـیرازەی خێزانی دەپارێزێ، ڕێز و خۆشەویستی و لە یەك تێگەیشتنی هاوسەرانە». بۆیە دەڵێت «هاوسـەران هەتا زیاتر لەگەڵ یەکتر بە نەرم و نیانی و مێهرەبانی هەڵسـوکەوت بکەن، خۆشەویستی لەنێوانیان زیاتر دەبێت».

**لەکۆی (٢٨١٠) حاڵەتی جیابوونەوە، (٦٤٤) حاڵەتیان بەهۆی لەیەک تێنەگەشتن بووە**

ئارام باس لەوە دەکات کە سێکس بە یەکێ لە بنەما گرنگەکانی پرۆسەی هاوسـەری دادەنرێت و کاریگەریی زۆری هەیە لەسـەر پەیوەندیی نێوان هاوسەران، رەخنەش لەوە دەگرێت کە « بەشـێکی زۆر لەپیـاوان بۆ کات بردنە سـەر دەچنە دەرەوەی وڵات لەوێ تووشـی لادان دەبن و زۆر جاریش خۆیـان بەتاڵ دەکەنەوە، بەمەش چێژی سێکسییان بۆ هاوسەری خۆیان لاواز دەبێت، جگە لەوەش هەر جۆرە ناپاکی و خەیانەتێکی هاوسـەری شیرازەی خێزان هەڵدەوەشێنێتەوە».

ناوبراو هاوکات باسـی ئـەوە دەکات کە «دڵپیسـی دیاردەیەکی نەرێنییە و زۆر جار دەبێتە هۆی نەمان، یان لاوازبوونی خۆشەویستی لە نێوان هاوسەران، کاتێکیش خۆشەویسـتیی نێوان هاوسەران لاواز بوو، پابەندبوون بە بەهاکانی ژیانی هاوبەش لاواز دەبێت». ئارام گوتیشی «کاتێك مرۆڤ متمانەی تەواوی لا دروسـت نەبێت، باشـترە نەچێتە ناو پرۆسەی ژیانی هاوسەری، چونکە بەبـێ ڕێـز و متمانە و خۆشەویسـتی هیچ خێزانێك سەرکەوتوو نابێت».

شـەیما مەجید، وەك ئافرەتێك ڕوودانی کێشە لە نێوان هاوسەراندا بە «شـتێکی سروشتی» دەزانێت و دەڵێت «مرۆڤ بارستەیەکە لە هەڵچوون و داچوونی دەروونی، جاری وا دەبێت کە لەدەرەوە تووشـی هەڵوێستێك دەبێت و کاری تێدەکات، ئەم کارتێکردنە لەسـەری دەمێنێتەوە



و لــــە ڕەفتاریدا لەنـــاوماڵیش ڕەنگدەداتـــەوە، بەڵام «خۆشەویســـتیی نێوان هاوسەران زۆر لەوە پیرۆزترە کە بەهۆی پرتـــەو بۆڵەیەکـــەوە درزی تێبکەوێت، چونکە ژیانی هاوسەری بێ کێشە نابێت، هاوسەری سەرکەوتوو ئەوەیە توانای چارەســـەری کێشەکانی هەبێت و نەهێڵێ کێشەکە گەورە بێت».

شـــادان کەمال پســـپۆڕی بواری خێزانەو ســـەبارەت بە هۆکارەکانی لاوازبوونی خۆشەویســـتیی نێوان هاوسەران دەڵێت «کۆمەڵگەی ئێمە بەشێوەیەکی زۆر تەمسیلییانە مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن، هاوسەرانیش ڕاستە پرۆسەکە دروست دەکەن، بەڵام زۆربەیان هیچ لێکتێگەیشتنیان بۆ یەکتری نییە، لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی ئێمە زۆر بە کوێرانە بەرەو سیســـتەمێکی ماددی هەنگاو دەنێت، کە جگە لە کۆکردنەوەی سامان هیچ بەهاو پێوەرێك بۆ مرۆڤایەتی ناهێڵێ، ئەوەش گرفتی زۆری بۆ کۆمەڵگە بەگشتی و هاوسەران بەتایبەتی دروستکردووە».

شادان بە پێویستی دەزانێت، باوان ڕێگری لە هاوسەرگیری نـــاڕەوا بکەن، ئەو ڕایوایە «تەمەنی گونجاو، ئاســـتی ڕۆشـــنبیری و ئامادەکاری بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، پێوەری ســـەرەکین بـــۆ ژیانێکی بەختـــەوەری خێزانی و گەرەنتی خۆشەویســـتیی نێوان هاوســـەران دەکات. بەشێوەیەکی گشـــتی لە ژیانی هاوسەری و پەیوەندی نێوانیـــان بەدەگمەن بێ گرفت و کێشـــە دەبێت، لەگەڵ زیادبوونـــی ئەرك و بەرپرســـیارێتی هەردوولا، ناکۆکی لـــە نێوانیان ســـەرهەڵدەدات و هەر یەکەیـــان ئەویتر بە کەمتەرخەم دەزانێت و بەردەوام لە مشتومڕدان، هەر کەس لە ڕوانینی خۆیەوە بەرانبەرەکەی تاوانبار دەکات بەوەی کە بە ئەرکی هاوسەری خۆی هەڵناسێت، بەڵام پێویستە لە بری یەکتر تاوانبار کردن هەوڵی چارەسەری کێشەی نێوانیان بدەن» .

شـــادان ئەوەش دەخاتەڕوو کـــە کەلتووری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتـــی کاریگەریی زۆری لەســـەر کۆمەڵگەی کوردی داناوە، زۆرجار ئەو دوو کەلتوورەی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییە پێکـــەوە ناتەباییان هەیە و هەزمی یەکتر ناکەن». بۆیە بە پێویســـتی دەزانێـــت کە چاولێکەری بـــەلاوە بنرێ و واقعـــی کۆمەڵگە زیاتـــر لەبەر چاو بگیرێ، گوتیشی «پێویســـتە مرۆڤ لە هەڵبژاردنی هاوسەر دانا بێت، ئامادەکای کردبێت، نەك تەنیا کاری تەقلیدی بکات، پێویستە ڕێژەی گونجانی نێوان خۆی و هاوسەرەکەی لە ڕووی ڕەوشت و هەڵسوکەوتەوە بزانێت، جیـــاوازی زۆریان لـــە تەمەن نەبێت، هەتـــا جیاوازیی تەمـــەن زیاتر بێـــت، ڕێککەوتنی هاوســـەری کەمتر دەبێـــت». ناوبراو جەخت لەوەش دەکاتەوە کە پێویســـتە گۆڕانکاری لەژیانی ڕۆژانەی هاوسەراندا بکرێت، هەر لەوبارەیەوە دەڵێت «هـــەروەك چۆن ڕۆتین کاریگەریی خراپ و بێزارکەری هەیە لەســـەر هەموو شـــتەکانی ژیانمان، بە هەمان شـــێوەش لەســـەر ژیانی هاوسەری کاریگەری هەیە، جا پێویستە بۆ خۆ بەدوور گرتن لەو ڕۆتینە، گۆڕانکاری دروســـت بکەین، وەك گۆڕین و جوانکاری لە شوێنی خەوتن، هەفتانە دەرچوونە دەرەوە بە مەبەستی گەشت، سەردانی خزم و کەس و بایەخدان بە خواســـتەکانی یەکتری و پەرەپێدان بە خۆشەویستی نێوان هاوسەران».

ســـومەیە ئیبراهیم کارمەندی ڕاهێنەر لە فریاگوزاریی دەروونی وەك چالاکوانێکی بواری خێزان، ســـەرەتا هێما بۆ ئـــەوە دەکات کە ئەگەر بنەمای هاوســـەری بەبێ خۆشەویســـتی و لەسەر بەرژەوەندیی تایبەت بنیات نرا، ئەوا دوای نەمانی بەرژەوەندییەکە کێشە لەنێوانیان ڕوو دەدات، چونکە بناغەی هاوســـەرگیرییەکە پتەو نییەو لەسەر بنەمای ســـۆز و خۆشەویســـتی و ڕێزگرتنی یەکتری بنیات نەنراوە. گوتیشی «لە ڕابردوودا ژیانی هاوسەری ژیانێك بووە پڕ لە خۆشەویستی و قوربانیدان، هەمومان بیســـتوومانە باپیرانمان کە شـــاخەو شاخیان کردووە، ژنەکانیان شانبەشـــانیان لە ناو خێزان و لە ناو شـــاخیش خەباتیان کردووە، گوێیان بە سەرماو گەرما و مەترســـییەکانی ژیان نەداوە، چونکە هاوسەرگیری لەسەر بنەمای ســـۆز و خۆشەویستی بووە، دڵنیایی و ئاساییشـــی دەروونی، ڕێزگرتن، ڕەزامەندی لەیەکتر، لێبووردەیی، قوربانیـــدان بەهەموو جۆرەکانیەوە هەبووە، بەڵام ئێســـتا بەداخەوە وەك ئەوکات نەماوە، ئەو ڕایەڵە ڕۆحییە بەهیچ جۆرێك وەك جاران بوونی نییە، چونکە ئێســـتا زیاتر ژیانی مرۆڤەکان لەســـەر بنەمای فێڵ و تەڵەکەبازییە»، ناوبراو پێیوایە مەرج نییە تەواوی ژیانی ژن و مێردایەتی هەر تەنها خۆشـــی و پێکەوە هەڵکردن بێت، چونکە ژیان پڕە لە هەوراز و نشێو و گۆڕانکاری، بەڵام بە هەموو شێوەیەك دەبێت پارێزگاری لە شیرازەی خێزانی و خۆشەویستیی نێوان هاوسەران بکرێت .

ســـومەیە لە درێژەی قســـەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە لێکتێنەگەیشـــتنین و نەبوونی متمانە فاکتەرێکی سەرەکی زۆربوونی کێشەکانی نێو خێزانە، نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە لەکـــۆی (٢٨١٠) حاڵەتی جیابوونەوە، (٦٤٤) حاڵەتیان بەهۆی لەیەك تێنەگەشتن بووە».

سومەیە ئەوەشدەخاتەڕوو کە بە حوکمی ئاڵۆزبوونی ژیان و سەرقاڵی بە کاروبارەکانی ژیانەوە، هاوسەران کەمترین کاتـــی ژیان پێکەوە دەگوزەرێنـــن، بەڵام کات و ڕۆژ و وەرزەکانی پشوو ئەو هاوســـەرانە دەتوانن پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان خۆیاندا دروســـت بکـــەن، بەتایبەتی لە گەشـــت و گەڕان لەگەڵ خێزان، ئیتر بۆ ناو سروشـــت بێت، یان شـــوێنە گشـــتییەکان، دەکرێ قەرەبووی ئەو بۆشاییانە بکەنەوە.

**باپیرانمان کە شاخەو شاخیان کردووە، ژنەکانیان شانبەشانیان لە ناو خێزان و لە ناو شاخیش خەباتیان کردووە، گوێیان بە سەرماو گەرما و مەترسییەکانی ژیان نەداوە**

**تەمەنی گونجاو، ئاستی ڕۆشنبیری و ئامادەکاری بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، پێوەری سەرەکین بۆ ژیانێکی بەختەوەری خێزانی و گەرەنتی خۆشەویستی نێوان هاوسەران دەکات**

**کۆمەڵگەی ئێمە زۆر بە کوێرانە بەرەو سیستەمێکی ماددی هەنگاو دەنێت، کە جگە لە کۆکردنەوەی سامان هیچ بەهاو پێوەرێك بۆ مرۆڤایەتی ناهێڵێ، ئەوەش گرفتی زۆری بۆ کۆمەڵگە بەگشتی و هاوسەران بەتایبەتی دروستکردووە**